بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد . چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

## د.کەمال سەید قادر

**1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**

**دادگاکان لە سیستەمێکی دیمکراسیدا دەبێت بە پێ ی یاسای نێودەولەتی چەند مەرجێکی بنەڕەتی پرکەنەوە، هەروەکو لە مادەکان 10 وە 11ی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤو، مادەی 14ی ڕێککەوتنامەی نێودەولەتی بۆ مافە مەدەنیو سیاسی یەکاندا هاتوە.**
**بە پێ ی یاسای نێودەولەتی دەبێت هەمو دادگایی کردنێک عادیلانە بێت. وەکو پێورەرێکی عەدالەتیش لەم بوارەدا یاساکە مەرجە هەرە بنەڕەتی یەکان دیاری دەکات، وەکو: 1. سەربەخۆیی دادگا، 2. بێ لایەنی دادگا، 3. دادگایی کردنی ئاشکرا، 4. دابینکردنی دادوەری بە توانا. وا دیارە ئەم مەرجانە هەر هەمویان لە لایەنی تیۆریو یاسایی یەوە لە چوارچێوەی یاسای دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا دابینکراون، بەلام کێشەکە لێرەدا پرۆسەی بەرێوەبردنی دادگاکەیە کەوا جار جار زێدەڕۆیی دژ بە دەستوری عێراقیو، یاسای دادگاکە خۆیو یاسای نێودەولەتیشی تیا دەکرێت.**

**2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ز یان لێکەوتووان.**

**هەروەکو لە وەلامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەی بۆ کرا کێشەکە خۆی لە چۆنی یەتی گوزەراندنی دادگایی کردنەکەدا دەدۆزێتەوە بە تایبەت لە دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفالدا. بە ڕای من ئەم فاکتەرانەی خوارەوە ڕۆلی سەرەکی دەبینن لەوەی کەوا دادگایی کردنی تاوانی ئەنفال نەتوانێت بە تەواوەتی عادیلانە بێت:**

1. تاوانی ئەنفال بمانەوێتو نەمانەوێت تاوانێکە کەوا عەرەبو ئیسلام دەگرێتەوە، چونکە تاوانەکە بە ناوی ئیسلام ئەنجامدراوە وە لایەنێکی عەرەبی ناسیۆنالیستی پێ ی هەلساوە، بۆیەش وا چاوەڕوان دەکرێت کەوا دادوەرێکی عەرەبی یا موسلمان نەتوانێت بە پێ ی پێویست بێ لایەنی خۆی بپارێزێت بەلکو هەردەم هەولبدات باری ئەم تاوانە قورسە لە سەر شانی عەرەبو ئیسلام لا بدات، هەروەکو چۆن لە حالەتی دادوەر عبدالله دیمان کەوا ئێستا لابراوە. بۆ بنبڕکردنی ئەم کێشەیە دەبوایە دادوەرێکی نێودەولەتی یاخود عێراقی بە توانای نە عەرەبو نە موسلمان دیاری بکرێت.
2. داگایی کردنی عادیلانە دەتوانێت بە باشترین شێوە لە بارێکی ئاسودەییو هێمنیدا دابین بکرێت. ئەمەش مەرجێکە کەوا لە بەشی عەرەبی عێراق بە هیچ شێوەیەک نەهاتۆتە دی بۆیە دادوەران ناچارن لە ژێر فشارو هەڕەشەی توندوتیژی دژی خۆیانو کەسوکارەکانیان کارەکانیان بکەن کەوا لەوانەیە کاریگەری لە سەر بێ لایەنیان هەبێت وە دادوەر هەولبدات لە پێناوی دوارۆژی خۆییو کەسوکارەکەی بە لای تاوانبارانی ئەنفالدا بچەمێتەوە. چارەسەری ئەم کێشەیەش لەوە دەبینم کەوا دادگایی کردنی ئەنفال نهێنی بێت وە لە کوردستان بە ڕێوە بچێت، ئەمەش بە هیچ جۆرێک ناکۆک نی یە لە گەل یاسای نێودەولەتی.
3. تاوانبارانی ئەنفال هەرچەندە وەکو هەمو تاوانبارێکی تر یاسای نێودەولەتی دەیانپارێزێت، بەلام خۆیان چونکە بڕوایان بە مافی مۆڤ نەبوەو نی یە، هەولدەدەن دادگاکە بۆ مەبەستی سیاسی وە هەتا تێرۆڕستیش بە کار بهێنن، کاتێ هێرش دەکەنە سەر کوردو پێشمەرگە. بۆیە دەتوانرێت بە پێ ی یاسای نێودەولەتی دادگایی کردنەکە لە ڕێگای میدیاکانەوە پەخش نەکرێت تاکو هانی توندو تیژی نەدات لە عێراقدا.
4. دادگایی کردنەکە بە هەرجۆرێک بێت دەقێکی سیاسی وەرگرتوە دژ بە مافەکانی قوربانیانی ئەنفال چونکە هەمو لایەنی پەیوەندیدار لە دادگایی کردنەکە کەوتونەتە ژێر فشاری سەختی لایەنی عەرەبیو ئیسلامی. هە ر بۆیەش بە ڕای من ناتوانین چاوەڕوان بین کەوا دادگایی کردنی ئەنفال بە شێوەی پێیویست عادیلانە بێت.

3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟

ڕەخنەی خەلقی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوە دەبێت بە پلەی یەکەم ئاراستەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان بکرێت کەوا ناتوانێت بە پێ ی پێوست داکۆکی لە مافی ئەنفالکراوەکان

بکات، ئەمەش زیاتر بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کەوا ژمارەیەک لە لێپرسراوانی کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستیان لە تاوانی ئەنفال هەبوە، ئەمانەشو ئەمانەی دەشیانپارێزین بێ گومان هیچ بەرژەوەندی یەکیان لە دادگایی کردنێکی عادیلانە تاوانی ئەنفال یاخود هەر لە دادگایی کردنەکە نی یە.
نوسەرێکی عەرەب بە حەق لە بابەتێکی لە سایتی ئیلافدا پرسیاری کرد: ئەی کەی تاوانبارە کوردەکانی ئەنفال دادگایی دەکرێن؟ ئەمەش ڕاستە ئەگەرنا ئێمەی کورد چۆن دەتوانین داوای دادگایی کردنێکی عادیلانەی تاوانبارانی ئەنفال بکەین کەچی دەسەلاتی هەرێم خۆی پاداشتی تاوانبارە کوردەکانی ئەنفال دەداتەوە. لە هەرێمی کوردستاندا لە **1991** وە تا ئێستا بە دەها ڕۆشنبیری کوردو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لە لایەن هەردو پارتی سەرەکی یا تێرۆرکراون، یا گیراون یا ئەشکەنجەدراون ئەگەر دەربەدەریش نەکرابن، کەچی لەم ماوەیەدا تەنها یەک تاوانباری کوردی ئەنفالیش سزانەدراوە ئەگەر پاداشتیش نەدرابێتەوە.
شەقامی کوردی دەبێت پێش ئەوەی ڕەخنە لە لایەنی عەرەبی بگرێت، ڕەخنەی خۆی ئاراستەی ڕیزەکانی خۆمان بکات، چونکە شتێکی ئاسایی یە ئەگەر بێتو لایەنی عەرەبیو ئیسلامی هەولبدەن باری گرانی تاوانی ئەنفال لە سەر شانی خۆیان لابەرن. کێ حەزدەکات هەتا هەتایە لە ژێر گوناهی تاوانێکی وا گەورەدا بنالێنێت؟

### 4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟

تاوانی جینۆساید وەکو هیچ تاوانێکی تر نی یە، چونکە تاوانێکی ئەوەندە قورسە بنەماکانی متمانە بون بە یەکتر بۆ دواڕۆژدا لە نێوەن قوربانیو تاوانباران بۆ هەتا هەتایە تێکدەدات. بۆیە تا ئێستا هەر تاوانێکی جینۆساید دەولەتێکی سەربەخۆی بۆ قوربانیانی تاوانە کە لێ کەوتۆتەوە هەروەکو نمونەی بۆسنیاو، ئسرائیلو بەنغلادێش پشانی دەدات.
لە ڕاستیشدا تاوانی جینۆسایدی ئەنفال دژ بەکورد تاوانێکی ئەوەندە دڕندە بو کەوا گەلی کوردستان نەتوانێت بە هیچ شێوەیەک متمانە بە دواڕۆژی خۆی لە عێراقدا بکات، وە دەبێت هەردەم ئەگەری ئەوەی لە بەر چاو بێت ئەم تاوانە دژ بە کورد دوبارە ببێتەوە. بۆیە داواکاری کورد بۆ چەسپاندنی مافی چارەنوس داواکاری یەکی زۆر ڕەوایە وەکو هۆکارێک بۆ ڕێگە گرتن لە دوبارەبونەوەی تاوانەکە.

ئەرکی داداگا لێرەدا بە هیچ شێوەیەک ئەوە نی یە کەوا بیسەلمێنێت ئایا تاوانی جینۆساید دژ بە کورد ڕویداوە یا نا چونکە ئەم تاوانە بەلگەنامەکان، وەکو گۆڕەبەکۆمەلەکان بۆ نمونە دەیسەلمێنن وە نەتەوە یەکگرتوەکانیش دانیان پیاناوە هەروەکو لە ڕاپۆرتەکانی فان دێر

ستۆیل هاتوە، بەلکو ئەرکی داداگا لێرەدا تەنها دیاری کردنی ڕۆلی هەریەکێک لە تاوانبارانی ئەنفالو سزادانیانە.
وە کێشەش لەوەدانیە کەوا قوربانیانی ئەنفال هەمو مافێکیان هەیە وە بە پێ ی یاساو نێو دەولەتی دەبێت مافەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، بەلکو کێشەکە لە بێ کەسی قوربانیانی ئەنفالە. ماف هەبونو ماف وەرگرتن دوو شتی لە یەکجیان، ئەو کەسە مافی خۆی دەست دەکەوێتەوە کەوا کەسی هەبێت داکۆکی لێ بکات.